# Stichting Centrum Halabja tegen Anfalactie en Genocide van Koerden (CHAK)

## ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد –چاك-

## یادی ١٦ ساڵەی کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت
## تاوانەکان ڕژێمی عێراق لە بن نایەن

لە هۆڵەندە

لە درێژەی هەوڵ و کۆششەکانی ناوەندی هەڵەبجە لە ناوخۆی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دەرەوەدا بۆ ناساندنی تاوانی جینۆسایدکردنی کورد. ناوەندی هەڵەبجە بە بەشداری شایەدحاڵێکی تاوانی شاری سەردەشت وەك یەکەم شاری کیمیاباران کراو لە لایەن بەعسەوە. لە یادی ئەو کارەساتە جەرگبڕەدا کە زیاتر لە ٥٣٠ کەس لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە ژن و منداڵ و پیرو خەڵکی بێ تاوان بونە قۆچی قوربانی و زیاتر لە ٤٥٠٠ کەسیش بریندار بوون (ئەم تاوانە لە جەرگەی شەڕی کۆنەپەرستانەی عێراق ئێران ئەنجام درا) ، ناوەندی هەڵەبجە –چاك– بۆ یەکەمجار پاش ١٦ ساڵ لە تاوانەکە ئێوارە کۆڕێکی ماتەمینی ساز دەکات. تیایدا کاك عەلی ڕەحیمی وەك شایەد حاڵێکی کارەساتەکە بە کورتی باسی ئەو تاوانە دەکات لە هەمان کاتدا وێنە و فلیم نیشان دەدرێت و لایەنەکان گوتارو وتەی خۆیان پێشکەش دەکەن. سەرەتای ماتەمینیەکە بە وتەو گوتاری لایەنە سیاسیەکان دەست پێ دەکات.

هەموو لایەنە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن گوتارو وتەکانیان پێشکەش بکەن هاودەردی خۆیان بۆ خەڵکی قارەمانی سەردەشت دەربڕن.

باوەنگەوازیان دەکەین بۆ بەشداری لەم ئێوارە ماتەمینیە. دەبا کارەساتەکان یەکگرتومان بکەن.

کات ٢٨–٦ کاتژمێر ٣ ی پاش نیوەڕۆ

شاری دیڵفت هۆڵی دونیا

شوێن Koorn Markt 48 e
Delft Centrum

Tel 0642360854

*بەشداریتان مایەی شانازییە. بەژداری بۆ هەمووکەس و لایەنێکە بە خوێندنەوەی ئەم بانگەوازە بانگهێشت کراویت بۆ ماتەمینەکە.*

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت




کوردستان نێت www.kurdist

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.